# ئازدابوونی 53 زیندانی ومانەوەی53 هەزار. . کیشە!

**خەسرەو سایە**

**k.saya@ukonline.co.uk**



بەبۆنەی جەژنەکانی "یەکگرتنەوە وقوربانەوە" مەسعود بەرزانی بەبەخشندەیی ومەرحەمەتی خۆی، بریاری ئازاد بوونی 53 زیندانی لەزیندانەکانی حکومەتی پارتی کردە دیاری بۆخەلك و دواتریش دەزگاکانی راگەیاندنی هەرئەم حیزب و حکومەتە کەوتنە پیدا هەلدان و مەدح وسەنای سەرۆك و ئەم هەنگاوەی ..بەلام هەروەك ئەوەی هەوالەکان ئاماژەیان پیداوە، ئەوگیراوانەی کەسەروك لەزیندان ئازادی کردن بەشی زۆریان لاوان و خەلکیکی هەژاربوون کەبەتۆمەتی کاری نابەجی ودزی وچەندگرفتی تری کۆمەلایەتی سزای 6 تا 3سالانەیان بەسەردا درابوو. ئایا ئەم هەنگاوەی بارزانی و حکومەتەکەی جیگای هیچ ستایش کردنیکە، یان نیشانەیەکە لەئامادەبوونی دەسەلاتیکی سەرکوت گەرو دژی خەلکی؟ ئامانج لەم بەخشندەیی‌یەی پارتی چی‌یەو خەلکی کوردستان بەتایبەتی لاوان دەبی چون لەم هەنگاوەی سەروك ئەنجام وەربگرن؟ ئایا بەراستی ئەم هەنگاوە دەتوانی ئازابووانی نیو زیندانەکانی پارتی بەرەو چاککردنی کۆمەلایەتی و رزگاربوون لەوکیشەو فەزایەی کەئەوانی بەرەو هەلەو تاوان بردووە بەریت؟

ئەوەی ئاشکرایە لەم هەنگاوەی بارزانی وحکومەتەکەی دان پیدانانە بەبوونی زیندان و دەدگا وەك دوودەزگای سەرکوتگەری خەلك و چوکدادانیان لەبەردەم نارەزایەتی وهینانەرووی خواستەکانیان. ئەوەی کەلەم بارەوە ئاشکرانی‌یەو شاراوەیە وتەنانە ئەوەشی کە خەلکی دەزانی وبەمەنتقی سەرنجدان لێی تی دەگاو پیی دەزانی لەدوولاوە ئەم حوکمە دەسەلمینی: لەلایەك ئەوەی کەئاشکرانی‌یە شاردنەوەی ژمارەی ئەو زیندانی و بەندکراوو مەحجوزانەیە کەژمارەیان لە دەیان هەزار تیپەردەبی ولەزیندانەکانی پارتیدان وکەس نازانی بۆماوەی چەند راگیراون و تاچەند لیپیچینەوەی قانونی ولەریگای سیتەمیکی دادگایی و لانی کەمی ئینسانیدا مامەلەیان لەگەل کراوە و دەکری. تەنانەت کەس نازانی ژمارەی ئەو زیندانە ئاشکارو نەهینی‌یانە چەندن و بەچ قانویك دروستکراون وخەلکیان تیفریدراوە. ئەمە ئەو لایەنەی هاوکیشەکەیە کە نەپارتی و نەحکومەت و نەسەرۆك ئامادەن بەخەلکی بلین و ئاشکرای بکەن لەبەردەم رای گشتی‌دا. بەلام ئەولای تر کە خەلکی ئاگادارە، رەوشی دادگایی کردن و خودی سیستەمی دادگاو قانونیکی قەرەقوشی و عەشیرەتی‌یە کەسەرچاوەی دەباتەوەسەر یاساو دەستورەکانی حکومەتی بەعس و لەمریگایەوە خەلکی پی لەسزا و تاوانەکانی خوی پاکدەکریتەوە.. نمونەی ئاشکرای گیران و دادگایی و سزای 30 سالە بۆدکتۆر کەمال لەبەرامبەر نوسینی دوو وتاردا سەلیمینەری ئەوەیە کەسەرۆك بارزانی لەسەر سەری کان سیستەم لەداگاو قانون و زیندان راوەستاوە و چۆن گەرەکیەتی خەلکی بەرەو ئیسلاحی کۆمەلایەتی وچاکسازی کەسایەتی‌یان بەریت!!

بالەوە بگەرینن کەچۆن پارتی بەریگای"قانونی!!" پەنابۆ زیندان وگرتنی کەسان دەبا و تاچەند ریگادەدات بۆ دیفاعکردنی گیراوەکان لەخویان، تەنانەت با واز لەوەبهینین کەلەنیو ئەو دەیان هەزارەی کە پیشبینی دەکری لەزیندانەکانی پارتیدا هەن چەندەیان کەسانی سیاسی و موخالیفی پارتی و حکومەتەکەی سەرۆکن، بەلام ئەوەی کەلەئازداکردنی ئەو 53 زیندانی‌یەدا دەبی ئاماژەی بۆبکری، ئەو زمانی بەزەیی و بەخشندەیی‌یەیە کە دەزگاکانی پارتی خەریکن بۆشیرینکردنی سەروك و کردنی بەرەمزی عەدالات خوازی لەنیو خەلکی کوردستاندا، ببنە جیگای سەرنجی گەرم وبەیەکجاری ریسوابکری.

بوونی زیندان لەهەرولاتیکدا بەمانای ئامادەبوونی دەسەلاتیکی سەرکوتگەری‌یە، تەنانەت بوونی تەنها یەك زیندانی بەمانای نەبوونی ئازادی و ترسە لەگیران و ئیزۆلەکردنی ئینسان و کۆمەلگای چالاك وگەمارۆدانی بەپیی قازانج وسیاسەتیك کەگروپی دەسەلاتدار هەیانە. ئەگەر پارتی وسەروك و حکومەتەکەی ئیداعایان لەزیندانەکەیان ئەوەیە خەلکی پی "تەئدیب" وچاکسازای بکەن ئەوا هەموو سیستەمەکانی دادگایی و زیندانەکان تەنانەت لەولاتانی هەرەلیبرال و مۆدیرندا ئەو حکومەیان سەلماندووە کەزیندان لەبەردەم "ئیدعای چاکسازی" دەسەلاتدارەندا بەپیچەوانەی خۆی دەگۆردری. ئەگەریش لەم بارەوە باسی سزا و تاوانە ئەوا زانستەکان ئەوەیان سەلماندووە کەئینسان لەناخ و بونیادی خۆیدا "شەڕرانی وتوندرەو" نی‌یەو ئارەزووناکان بەدەستدریژی و نانەوەی تاوان، بەلکو هۆکاری‌ئەمە سیستەمە کۆمەلایەتی‌یەکان وئەحزاب و ئایدۆلۆژیاو ئەو سوونەتانەیە کە چینی دەسەلاتدار داهینەر و پاریزەریانن. ئینسان لەتەبیعەتی خۆیدا ئەگەر ناچار نەکری بەرسیتی وبیکاری ونەبوونی و نەخویندەواری، ئەگەر نامۆنەکری لەژیانی سروشتی و کۆمەلایەتی خۆی، ئەگەر ئیسلام و قەوم پەرستی بیروبارو و ئاکار و سوننەتی زەبروزەنگانە، نەکریتە لەزگە بەژیانی شەخسی و کۆمەلایەتی‌یەوە، تەنانەت ئەگەر ئینسان بەپیی سیستەمی پەروەردە و فیرکردن

رانەهێندریت لەژن کوشتن و تەعداکردن لە هاو"نەوعی ئینسانی " خوی  ولەلایەن دەسەلاتدارانەوە بۆی نەکریتە فەرهەنگ و عادەتیکی قبولکراو.. ئەوا ئینسان خۆی لەخویدا بەئازادیخوازی، هاوبەشیتی بەرزەفری، گەشبینی وداهینەر و دەیان بەهای بالای و جوان دەناسریتەوە..
بەلام ئەگەر مەسەلەکە "تەئدیب و چاکسازی"یە، ئەگەر باسەلە سیستەمی "سزا و تاوان" لەدادگادا.. ئەوە خودی سەرانی حکومەت وحیزبەکەی سەرۆکە کەدەبی  لەپیش هەرفەردیکی ئەم ولاتەوە ئەم ئیدعایە بیگیرتەوە  وبخرینە بەردەم دادگا و چاکسازی  و تەئدیب بکرین.
لەمبارەوە با لە تاوانەکانی شەری ناوخو وراکیشانی دەولەتانی ناوچکە بۆسەر ژیانی خەلك، بگەرێین، بالە تاوانەکانی 31 ئاب و هینانی سوپای بەعس بۆسەر شارەکانی کوردستان بگەرێین، بالەوە بگەرێین کەکام سەرکردەو ژمارەی چەندە لەبەرپرسیارانی پارتی هیشتا"بەفایلی رەش"یانەوە لەدەسەلات و بەرپرسیاریتیدا ماون. با لەوەبگەرینین راکیشانی مەلا و دەیان ئاخوند و دەستەو تاقمی ئینسان کوژی ئیسلامی بۆ نیو ژیانی خەلك و دەسەلات ئاسەواری چ تاوانیکی دەرهەق بەکۆمەللانی خەلکی لیکەوتۆتەوە. بالەو بگەرینن کیٚ بەرپرسی  ژیانی ئاوارەیی و رووکردنە هەندەران ودەربەدەری هەزاران لاوو خەلکیئەم ولاتەیە وئیستاش خەریکن بەخشکەیی بە دەولەتی عیراقەوە دەیلکیننەوە وقانون و دەستوری قەومی وئیسلامی دەکەنە چەتریك بەسەرسەریانەوە.. تەنانەت بالەوە بگەرێین کەتەقە کردن لەخەلکی نارازی و زیندانیکردنی کۆمۆنیستەکان و ژنانی ئازادیخواز و هەرکەسیکی نەیار بەپارتی چەندە رووبەرووی ئەشکەنجە وهەرەشەکردن و زیندانی وتەنانەت کوشتن وبیسەروشوین بوون بوونەتەوە.. بالەهەموو ئەمانەو تاوان وقوربانییەکانی بگەرێین وتەنها سەرنج بدەینە ئەو گەندەلی و فەسادییەی کەبۆتە مایەی سەرهەلدانی ریزیك لەتالانچیان و بازرگانانیك کەگیرفانیان لەسەر حسابی بژیوی وسفرەی خەلکی رۆژانە پردەکەن و لەدزی وراوورووتکردن لەهیچ شتیك سل ناکەنەوە.. ئتر ئەمە بەسە بۆئەوەی کەدەبی خودی سەرۆك و حکومەتەکەی بەرپرسیارانی بخریتە بەردەم داگا وتەئدیب و چاکسازی بکرین..
ئایا بەراستی سەرۆك لەخۆی پرسیوە کە بوونی زیندان و زیندان بەم حالانەوە چەندە ماناو  سیمایەکی درندەیی و سەرکوت گەری بە حکومەت و دەسەلاتەکەی دەدات!؟ ئایا سەرۆك لەخوی پرسیوە زیندان و ئازاد بوونی 53 کەس لەهاولاتیانی ولاتەکەی بەمانای لە گۆربوونی چ کیشەو گرفت و دەردەسەرییەکی سیاسی و کۆمەلایەتییە کە ئەو حیزب و حکومەتەکەی لی بەرپرسیارە؟! ئایا سەرۆك گویگری کیشەو گرفتەکانی تەنها ئەو 53 زیندانییە بووە کە بەچ هۆیەك و چ فەزایەك پالی پیوەناون دەست بۆ"تاوان"بەرن وریگای زیندان هەلبژیرن؟ ئایا سەرۆك لەخۆی پرسیوە کەکی لەژیانی تەنها ئەم 53 کەسە بەرپرسیارە و بۆ دەبی ناچار بن و گیرۆدەی ئەم حالەتە بن؟ لەمانەش زیاتر ئەوەی کە"بەخشندەیی و بەزەیی"هاتنەوەی سەرۆك بە هاولاتیانی ژیر دەستیدا پوچ دەکاتەوە گیرانەوەی ئەو زیندانیانەیە بۆ نیو کۆمەلگایەك کە هەزاران کیشەی کردۆتە نەسیبی خەلکەکەی..
53 کەس لەزیندان ئازادبوون.. بەهەر حال و هەر چونیك بیت، ئەمانە بەمەرحەمەتی سەرۆك بەباوەشی ژیانی خیزانی و گەرانەوەیان بۆنیو کۆمەلگا شادبوونەوە. بەلام کام ژیانی خیزانی و کەم باوەشی کۆمەگا؟ لیرەدایە کە 53 هەزار کیشە ئەوان و هاوجۆرەکانیان بەپیویست دەباتەوە نیو "زیندانیکی گەورە" و لەویشەوە بەرهەمیهنانەوەی زیندانەکانی پارتی دەکاتەوەیەك واقعیەتی نەبراوە.. هەژاری ونەبوونی بیکاری تا دەگات بەنەبوونی ساوپەنا و خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، لەئاوو کارەباوە بگرە تا سیستەمی تەندروستی، نەبوونی زەمانەتە کۆمەلایەتییەکان کەبەدەیان منال و ژنی نەخوش و ئینسانی پیرو پەکەوتەی راپیچی سوچ و گۆشەکانی مەرگ داوە، ئیسلام  وکۆنەپەرستی و داب و نەریتی عەشیرەتی و سەدان کیشە کە یەخەی بە ژنان و لاوان گرتووە و رۆژانە ئەوان لەگەل دیاردەی خۆکوژی و نەخوشیی کەئابە و دەروونی بەرەو روکردۆتەوە، منالانی سەرجادە وبیسەرپەرشت، پەرەگرتنی سوالکردن و فروشتنی خۆین و پارچەکانی لەش، تا دەگات بەگرفتەکانی نیو خیزان لەزەواج و جیابوونەوە و لیدان و توندوتیژی.. نەبوونی ئازادی و رادەربرین وژیر پینانی مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەلك، ودریژە کیشانی ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری .. گرفتە سیاسییەکان و هەموو ئەو جیاوازییەی کە لەنیوان هاولاتیانی کوردستان و دەسەلاتداراندا دەبینرین.. لەیەك ووتەدا ئەگەر بیلم هەر ئینسانیك ئەگەر کەمیك بە هوشیارییەوە سەربکیشتە هەریەك لەمەیدانەکانی ژیانی کۆمەلایەتی لەوانە، سیستەمی تەندروستی ، قەزایی ،زانکۆ و خونیدگاکان، وەزارەتخانە وشارەوانی، ئاسایش، کشت و کال و بەرهەمداری، سنوورەکان و هاتنە ناوەوەی کەسان و سیستەمی هاتوچ و ریگاوبان، سیستەمی کارو کریکاری کردن، تاسیستەمی دارایی و بانك و بازار وچونیەتی تەئمین کردنی بژیویی خەلك، بەسادەیی دەیان کیشەو گرفت یەخەی پیدەگری، ئەمانە جگەلەو فەساد و گرفتانەی کە لەسیاسەتی سەرۆك و حیزبەکەیەوە یخەی بەخەلك و چارەنووسەکەی گرتووە. هەمووئەمانە حالەتی دەیان هەزار کیشە دەژمیرن کەزیندانیانی  ئازادبووی

نیو زیندانەکانی پارتی وسەرۆکی بۆ دەگێردرینەوە.. ئەمەیە ناوەرۆکی بەخشندەیی سەرۆك وئازادکردنی 53 کەس لەزیندانەکانی حکومەتەکەی!!

خەلکی کوردستان شایەنی ئەم جۆرە بیحورەمەتی و سوکایەتی کردنە نین.. ژیانی نیوزیندان و دادگا ، دوای هەژاری و نەبوونی و هەزار و یەك کیشەی تر ژیانی خەلکی کوردستان نیەیە.. دەبی دادگا وسزاو زیندەنەکانی پارتی و ئەحزابی دەسەلاتدار هەلپیچرین .. نابی راگرتنی هەژاری وبیکاری ونەبوونی وبیدەرەتانی و نادیاری چارەنووس فرسەت بدات بەوەی بۆرژوازی کورد سیستەمی دارزیووی زیندانەکان و دادگاو قانونەکەی رابگری وبەرهەمیان بهینیتەوە.. خەلکی کوردستان شایەنی هیچ بەزەبی و مەرحەمەتیکی سەرانی ئەحزابی بۆرژوازی کورد و دەسەلاتەکەی نین.. بۆیە دەبی ئەوان خۆیان چارەنوسی خۆیان بەدەسەتەوە بگرن و دەسەلاتیك بهیننەکایەوە کە نەزیندان ونەهەژاری ونەداری وسەرچاوەکانی تاوان یەخەیان پیدبگری... 2006/1/12